# تێگەیشتن و جیاوازی

بەختیار عەلی

وەک خەڵکانێکی زۆری دی و بەسەرسامییەکی بێوێنەوە تەماشای ئەو مامۆستا ئاینییەم کرد کە لەسەر شیعرێکی حەمەی کاکە ڕەشی شاعیر قسەیدەکرد. سەرسامییەکەم بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە ئەم مامۆستایە بەرگری لە دین و لە خودا دەکرد، بەڵکو لە زمان و شێواز و ئەو زاراوانە بوو کە لە دەمی دەهاتنەدەرێ، کە بێگومان نەوەک زمان و زاراوە و شێوازی پیاوێک نەبوو خودای خۆشبوێت، بەڵکو زمان و زاراوەی کەسێک بوو دەرگا لەسەر کینەیەکی گەورە و شاردراوە بکاتەوە .

بەر لە دەساڵ لە مەوبەر لە یادمە لە چاوپێکەوتنێکدا گووتم دووبارەکردنەوەی ئەزموونی تاڵیبان لە کوردستان نامومکینە، ئەگەر یەکێتی و پارتی ئەم زەمینەیە پێشکەش بە توندرەوان نەکەن. ئەمڕۆ دوای دەساڵ بە ڕاستی سەرەتاکانی ئەو مەترسییە دەبینرێت و هێدی هێدی خۆمان لە بەردەم شەپۆلێکدا دەبینین کە عەقڵییەتی بکەرەکانی و شێوازی ئیشکردنیان و ناوەڕۆکی کرداریان زۆر لەوەوە نزیکە زەمینە خۆشکردن بێت بۆ سەپاندنی جۆرێک لە تالیبانیزم لە کوردستان. سەرەتا دەبێت بڵێم کە تالیبانیزم هێندەی جۆرێکە لە تێگەیشتن بۆ پەیوەندی دین و کۆمەڵگا، جۆرێک نییە لە سیستمی سیاسی. واتە بۆ زاڵبوونی تالیبانییەت مەرج نییە مەلا عومەرێک لە کوردستان دەسەڵات بگرێتەدەست و ڕاستەوخۆ بە لەشکر پەلاماری پەرلەمان بدات، بەڵکو لە شوێنێکی وەک کوردستاندا تالیبانگەرایی پێویستی بە کۆمەڵێک دینداری توندڕەو هەیە کە بە ڕقێکی گەورەوە لە دوای خوتبەی مزگەوتەکانەوە بێنەدەرێ و یاسای خۆیان سەرەتا بەسەر ئافرەتان و دواتر بەسەر نوسەرانی بێدیفاع و دواتر بەسەر چاپەمەنی و میدیاکان و دواجاریش بەسەر شەقامی گشتیدا بسەپێنن. تالیبانیزم بریتییە لە ڕقێکی هیستیریی و ڕێکخراو بە ناوی دینەوە دژ بە دونیا. ئەو ڕقەی ئەمڕۆ لە هەندێک مزگەوتی دیاریکرای کوردستانەوە دێتەدەرێ، ڕقێکی سیاسی ڕێکخراوە کە ئیش بۆ ئەوە دەکات پێکەوەژیانی تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ دین و بۆ خودا لەناو یەک کۆمەڵگادا نامومکین بێت. تالیبانگەرایی ئەوەیە کۆمەڵێک مەلا وێنەی خۆیان بۆ خودا و تەفسیری خۆیان بۆ دین بەزەبری ڕقێکی گەورە بەسەر هەمووواندا بسەپێنن. بریتییە لە هەوڵی کۆمەڵێک کەس بۆ مۆنۆپۆڵکردنی ناوی خودا و قسەکردن بە ناوی ئەوەوە و ئیدیعاکردن بەوەی کە تێگەیشتنی ئەوان بۆ خودا دەبێت تێگەیشتنی هەموو کۆمەڵگا و هەموو بەشەرییەت بێت.  ئەمە لە دۆخێکدا وشەی خودا یەکێکە لەو وشانەی مرۆڤ گەر ئیمانداربێت یان بێئیمان، گەر مەزهەبی بێت یان ئاتایست ناتوانێت ئیدیعای ئەوەبکات کە دەتوانێت دوا مانای بداتێ و دوا پێناسەی بکات. مرۆڤ گەر ئیمانداربێت دەزانێت ماناکانی ئەم وشەیە ناکۆتایە، نە کەس دەگاتە پێناسەی و نە کەس دەگاتە ماهییەتی، نە کەسیش دەتوانێت ئیدیعای موڵکییەتی بکات. گەر کەسێکی زانستخواز و سکولاریش بێت، دەزانێت کە تێگەیشتن لە خودا هەمیشە تێگەیشتنێکی مێژوویی فرەڕەنگ بووە، مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ئاینە جیاوازەکانە و ئاینە جیاوازەکانیش تێگەیشتن و وێنەی جیاواز جیاوازیان بۆ خودا هەیە، مرۆڤەکان کە هاوار لە خودا دەکەن، وێنەی جیاواز جیاوازی خودایان لە سەردایە، ئەو خودایەی پاشای سعودییە هانای بۆ دەبات، ئەو خودایە نییە کە ئوسامە بن لادن دەیپەرستێت... هەر یەکێک لەم دوو مرۆڤە کەسەر بە یەک دین و یەک مەزهەب و یەک کۆمەڵگان، سەر بە یەک وێنە و تێگەیشتن نین بۆ خودا.  مرۆڤە جیاوازەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا وێنەی جیاوازیان بۆ خودا هەبووە... پەیوەندی جیاوازیان بە خوداوە  و زمانی جیاوازیشیان بۆ وەسفکردن و وێناکردنی هەبووە. خودا جەوهەرێک بووە کە هەمیشە فرە وێنەی لێکەوتۆتەوە. مەولانای ڕۆمی گەلێک قەشەنگ نوسیوێتی کەدەڵێت:

**وما الوجه الا واحد غير انه    اذا انت عددت المرايا تعددا**

تالیبانیزم بریتییە لە دان نەنان بەوجیاوازییەدا، بریتییە لە هەوڵ بۆ دروستکردنی ئیجماعێکی زۆرکاری کە لە هیچ ساتێکدا لە مێژووی بەشەرییەت و مێژووی دیندا ئامادەنەبووە. بریتییە لە شکاندنی هەموو ئاوێنەکان و هەڵگرتنی تەنیا یەک ئاوێنە. توندڕەوی و کرمی تیرۆر لەوەدایە  لە ناو ئەو فرە ڕەنگییەی وێنەکانی خوداوە، لە نێوان ئەو فرە ڕەنگییەی پەیوەندی بە خوداوە، لە نێو ئەو ئەدەبیاتە گەورەیەی سوفیزمەوە، لە ناو ئەو مێژووەی لە ناو فیکر و شیعردا وێنەی جیاوازی بۆ خودا دروستکردوە، تەنیا یەک وێنە هەڵدەبژێرێت و لە ڕێگای جنێو و تۆقاندن و دروستکردنی هیستیریای دەستەجەمعییەوە دەیەوێت بەسەر هەموو دینەکان و مەزهەبەکان و ڕێبازەکان و بیرکردنەوەکانی تردا بیسەپێنێت... ئەمجۆرە لە تالەبانیزم ئەمڕۆ هێدی هێدی لە کوردستان گەرادەخات، تالەبانیزمێکە وەک سەرەتا لە پەلاماری ئەڵقەلاواز و بێدیفاعەکانی کۆمەڵگای کوردەوە دەستپێدەکات کە ژنان و نوسەران و هونەرمەندانن و دواتر بە دڵنیاییەوە لەوێشەوە بۆ جێگای تر تەشەنەدەکات  ... ئەوەشی ڕێگایەکی شاهانەی بۆ ئەم مارشە تەختکردوە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانن.

لە هەموو دینەکاندا هەمیشە دوو هێز لە کاردا بوون. هێزێکیان خودا دەگۆڕێت بۆ کەرەستەیەکی تیرۆر و تۆقاندن، هێزێکیشیان خودا وەک میتافۆرێک بۆ خۆشەویستی تەماشادەکات. یەکێکیان خودا بەکاردەهێنێت تا بەچواردەوری خۆیدا جنێوبدات و تەکفیربکات و فەتوای کوشتن و زمان بڕین دەربکات. ئەوی تریشیان لەسەر پەیوەندییەکی عاشقانەی نێوان مرۆڤ و خودا ئیشدەکات. لای گرووپی

یەکەم هەر کەسێک خودای لە سیاقێکی ڕیتۆریکی و میتافۆریدا بەکارهێنا لەگەڵ ئەو سیاقەدا نەگونجا کە لە قاڵبە نەگۆڕەکانی ئەودا هەیە، ئیدی کافرە و دەبێت بکوژرێت... لای گروپی دووەمیش کە زۆربەیان شاعیران و سوفییە گەورەکانی ناو مێژووی ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتن، خودا میتافۆرێکە بۆ مەحەبەت و عەشق . بەبڕوای ئەوان ئەوەی خودای خۆشبوێت و خەریکی عیبادەتی بێت ناپەرژێتە سەر دونیا و سەر کینە و سەر ڕق و چاوسوورکردنەوە و قوڵبادان. ئەبوحەسەنی دەیلەمی گەلێک قەشەنگ تەعبیری لەوە کردوە کە دەڵێت « ... ئێمە لە خۆشەوستی سروشتییەوە دەستمان پێکرد، چونکە ئەهلی مەقامات لەوێوە بەرەو باڵا هەڵدەکشێن تا دەگەنە خۆشەویستی ئیلاهی. بینیشمان ئەو دەرونەی ئامادەنەبێت بۆ خۆشەویستی سروشتی، ناشتوانێت هەڵگری خۆشەویستی ئیلاهی بێت». لێرەدا خۆشەویستی سروشتی مەبەست خۆشەویستی مرۆڤ و شتە دونیاییەکانە... بەپێی ئەم تێڕوانینە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ مەرجی خۆشەویستی مرۆڤە بۆ خودا... تێگەیشتنێک بەبڕوای من گەلێک دوورە لەو ترس و ڕق و هیستریایەوە کە تالیبانیزم و ئەکتەرەکانی ئەمڕۆ لای ئێمە بڵاویدەکەنەوە.

نوسەرێکی وەک تۆفیق حەکیم کە لەنوسەرە دیندارەکانە، لە چیرۆکێکی بچوکدا بە ناوی «خودام نیشانبدە» باس لەوە دەکات کە ئەگەر بەشێکی بچوک لە گەردێک لە مەحەبەتی خودا بپەڕێتە دڵی مرۆڤەوە ئیتر ناتوانێت گوێی لە ئادەمیزادان و ئاگای لەدەوروبەری بێت، چونکە ئەو گەردە وەها لە عەشقی خالقدا نوقمیدەکات سەری ناپەرژێتە سەر دەوروبەر. گەر وابێت هەموو ئەوانەی بە ناوی خوداوە زەوی پڕدەکەن لە فەتوا و تەکفیر و دەبن بە مەکینەی کینەسازی هیچ نین جگە لە کەسانێک کە دڵیان خاڵییە لەو گەردە. لای سۆفییەکان هەرگیز کینە بەشێک نەبووە لە هەستی دینی، ئەوە دینییە سیاسەتباز و سەڵتەنەتخوازەکانن کە دین دەگۆڕن بۆ ئاشی ڕق. حەلاج کە دەیبەن بۆ مردن دەڵێت « هؤلاء عبادك قد اجتمعوا لقتلي تعصبا لدينك، و تقربا اليك. فاغفر لهم، فانك لو كشفت لهم ماكشفت لي لما فعلوا مافعلوا، و لو سترت عني ماسترت عنهم لما ابتليت بما ابتليت». لەمجۆرە مناجاتەی حەلاجدا هیچ ئاسەوارێکی ئەو کینە قووڵەی تالیبانگەراکانی ئەمڕۆ نابینین. گەر بەپێی پێوەری سۆفییە گەورەکانیش بێت، خۆشەویستی مرۆڤ پردە بۆ خۆشەویستی خودا و خۆشەویستی خودا پردە بۆ خۆشەویستی ژیان و جوانی.

ئیسلامناسی بەناوبانگ خاتوو ئانا ماری شیمل، لە کتێبی «جوان و موقەدەس» دا لە زاری ژنە سوفیستێکی ئەستەمبولەوە نمونەیەکی سەرنجراکێش دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێت «سونبول ئەفەندی» کە یەکێکە لە سۆفییە تورکەکان، ڕۆژێک داوا لە مورید و قوتابییەکانی دەکات جێگاکەی بۆ پاکبکەنەوە و یەکی چەپکێک گوڵیش بچن و خانەقای پێبڕازێننەوە، قوتابی و موریدەکان هەر یەک چەپکێک گوڵ دەچن و دەیرازێننەوە و دەیهێنن بۆ سونبول ئەفەندی، تەنیا یەکێک لە موریدان نەبێت کە سۆفی بەناوبانگی تورک «مەرکەز ئەفەندییە»، ئەو گوڵێکی سیس و پەژموردە دەهێنێتەوە. کە شێخ دەپرسێت بۆ تەنیا گوڵێکی سیست هێناوەتەوە دەڵێت «مەولام هەموو باغ و لالەزارەکانی شار گەڕام، هیچ گوڵێکم نەبینی خەریکی زیکری خودا نەبێت ... چۆن بتوانم گوڵێک لێبکەمەوە و لە زیکری خودا دایببڕم». ئەو کات شێخ باوەشی پێدادەکات و دەیکاتە خەلیفەی خۆی.

هەڵبەت ئەم تێگەیشتنە بۆ دین و بۆ ژیان هیچ شتێک لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بۆ دین و ژیان کۆی ناکاتەوە کە توندڕەوان و تالیبانگەرایان هەڵیانگرتووە.

ئەوەی دەیەوێت لەسەر وشەیەک و دێڕێک و تەفسیرێک زمانی خەڵک ببڕێت، هیچ شتێک لەگەڵ ئەو سۆفییەدا کۆی ناکاتەوە کە دەترسێت گوڵی ناو باغچەیەک بچنێت.

پرسیارەکە ئەوەیە چی لە سۆفیستە گەورەکان دەهات گەر ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا بان، دەبوو بینینی مرۆڤ بە گەورەیی لای سۆفیستەکان چ سامێکی بخستبایەتە دڵی ئەوانەوە کە هەموو ژیانیان بۆ بچوککردنەوەی مرۆڤ و تەسککردنەوەی خەیاڵ و کورتکردنەوەی زمان تەرخانکردوە ... چییان بەسەر حەلاجدا دەهێنایەوە و چەند جاری تر دەیانسوتاندەوە، کە دەیگووت :

**فاذا ابصرتني ابصرته واذا ابصرته ابصرتنا**

چی بەسەر عەبدولقادری گەیلانیدا دەهات، کە لە یەکێک لە شیعرە سوفییە جوانەکانیدا، کە بەبڕوای من یەکێکە لە شاکارە گەورە و مراورییە دانسقەکانی ئەدەبی دونیا، کۆمەڵێک قودرەت دەداتە خۆی کە تەنیا هێزی خوداوەندە و هی کەسی دی نییە و دەنوسێت :

**ذراعي من فوق السموات كلها ومن تحت بطن الحوت امددت راحتي**

**واعلم نبت الارض كم هو نبته واعلم رمل الارض عدا لرملة**

**واعلم علم الله احصي حروفه و اعلم موج البحر عدا لموجة**

**....**

**انا كنت مع نوح اشاهد في الورى بحارا و طوفانا على كف قدرتي**

**وكنت و ابراهيم ملقي بناره        ومابرد النيران الا بدعوتي**

لەم قەسیدەیە درێژەدا گەیلانی هێزێک و توانایەکی ئیلاهی نامێنێت نەیداتە پاڵ خۆی. کە بەبڕوای من گەر لەمرۆدابایە و بکەوتبایە دەست تالیبانگەراکان دەیانجار تەکفیریان دەکرد. دەپرسم: دەبێت چییان بە ئیبن عەرەبی بگووتبایە کە دەیگووت کتێبی «اصول الاحکام»ـەکەی خودا نوسیوێتی بەڵام بەدەستی ئەو، دەشیگووت کتێبی «فصوص الحکم»ـی ڕاستەوخۆ لەدەستی پێغەمبەر وەریگرتووە.

دەبێت هەموو بزانن، کاتێک توندڕەوان  دێن بەرلەوەی زمانی ئەوانە ببڕن کە بەکافریان دەزانن، زمانی ئەوانە دەبڕن کە ئیمانیان لە ئیمانی ئەوان ناچێت... توندڕەوەکان لە جیهانی عەرەبدا لە کوشتنی فەرەج فۆدە و مەهدی عامیلەوە دەستیان پێکرد و هێشتا لەوەشدا کاریان کۆتایی نەهاتووە کە ساڵانە دەیان هەزار خەڵکی بێخەتا لە عێراقدا دەکەنە قوربانی.

دواجار هەموو دەزانین سیستمی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەمڕۆ سێ جۆر تەکتیکی ترساندن و تۆقاندنی گرتۆتەبەر. یەکەم : زەبری ڕاستەوخۆ. دووەم: دادگاکان و حوکمی حاکمە حیزبییەکان. سێهەم: بەگەڕخستنی کۆمەڵێک مەلای توندڕەو کە ئیشیان دروستکردنی فەزایەکە لە سانسۆر و ترساندن و هاندانی خەڵکی سادە ... شێوازی یەکەم و دووەم مەترسیان بۆسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن هەیە، بەڵام لە ئاستی دووردا لەوانەیە بکرێت زیانەکانیان ئابلۆقەبدرێت، بەڵام لەم گەمە ترسناکەی سێهەمیانەوە، هێزێکی تاریک دێتەدەرێ کە تەنیا ڕۆشنفیکران لێی زیانمەند نابن، بەڵکو توندوتیژییەکی خەوتوو بەخەبەردێت کە دواتر جڵەوکردنی ئاسان نییە، ئەمە جگە لەوەی کە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دەشێت تەواوی کۆمەڵگا بۆ چەندین دەیەی دوورودرێژ لە دواکەوتن و جەنگی لابەلایی و ترسی بەردەوامدا نوقمبکات.